**لە وەڵام بە تەورەیەکی هەفتەنامەی *شەقام* (*ئەمڕۆ ی کۆن*)دا سەبارەت بە مەسەلەی ژن و دەستوری کوردستان:**

# چوار مەرج پێوەری جیددیەتی بڕیاربەدەستانی کوردە لە ئیددیعاکردنیاندا بۆ یەکسانیی



رۆزا حسێن

*شەقام*: ئایا بەڕای بەڕێزتان چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەستوورێکی یەکسان و دادپەروەرانە بێت؟

وەڵام: بە ناونیشانی تەوەرەکەدا دەرئەکەوێت کە لێرەدا مەبەستتان لە چەمکگەلی "یەکسان" و دادپەروەرانە" مانا گشتییەکەی ئەو دوو چەمکە نییە، بەڵکو مەبەستتان بە دیاریکراویی مەسەلەی یەکسانیی ژن و پیاو و حوکمی دادپەروەرانەیە لەو بوارەدا.

وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی لەو چەشنە پێم وایە قورس نییە. ئاشکرایە یەکەمین و بنەڕەتییترین مەرج بۆ ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەستوورێکی یەکسان و دادپەروەرانە بێت لەئاست مافەکانی ژناندا، ئەوەیە کە ئەو دەستوورە دان بە یەکسانبوونی رەگەزی ژنان لەگەڵ پیاواندا بنێت. بەڵام شتێکی گرنگ هەیە کە دەبێ لەم سیاقەدا سەبارەت بە دەق و داڕشتنی ئەو دانپیانانە بیڵێم، ئەویش ئەوەیە کە گرنگە لەو دەستوورەدا مەبدەئی یەکسانبوونی ژن و پیاو ،<u>یەکەم</u>، بە بەندێکی تایبەت و سەربەخۆ بنووسرێ و لەگەڵ مەسەلەی یەکسانبوونی نەتەوە و ئایین و تایەفەکان و ... تێکەڵ نەکرێت؛ <u>دووەمیش</u>، یەکسانیی ژن و پیاو لەهەموو بوارەکاندا بە دەقێکی "سەریح" و بێ پێچ و پەنا لە دەستوورەکەدا بنووسرێ و، <u>سێیەمیش</u>، هیچ برگە و بەندێکی تری ناو دەستوورەکە لەگەڵ ئەو برگەی یەکسانیی ژن و پیاوە و لەگەڵ پرەنسیپێکی وادا پێچەوانە نەیەتەوە و، <u>چوارەمیش</u>، بە هیچ برگە و بەندێکی تری ناو دەستوورەکە قەید و بەند بۆ ئەو برگەیە و بۆ پرەنسیپێکی وا دانەنرێت.

ئەو چوار مەرجەی سەرەوە بەڕای من پێوەری ڕاستگۆیی و جیدییەتی سیاسەتمەدارانی ئێمەیە لە ئیددیعاکانیاندا لە مەسەلەی ژناندا. ئاخر ئەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری عێراقییدا هاتووە، کە مەسەلەی یەکسانیی ژن و پیاویان لەگەڵ مەسەلەی یەکسانیی ئایین و تایەفە و مەزهەبەکاندا تێکەڵ کردووە، کارێکی بە ئەنقەستی ئەو هێزانەیە کە دژە ژنن و زەمانە و زەرفی سیاسی ئەم سەردەمە ناچاری کردوون ماسکی لایەنگیریی یەکسانیی ژن و پیاو بپۆشن. خۆ ئەگەر وورد سەیر بکەین ئەوا دەبینین بە چەنان برگە و ئەحکامی تری ناو ئەو دەستوورە ئەو حوکمەی سەرەوە پوچەڵ کراوەتەوە و چەنان برگە و ئەحکامی تر لە هەمان دەستووردا هەن کە وەک ڕۆژی ڕوناک کۆنەپەرستانە و دژە ژنن. بۆ نموونە، پێویست ناکات دوور بڕۆین،

عەمامە بەسەرێکی وەک عبدالعزیز الحکیمیان لێ کردین بە حەکیم و ئاخرییەکەی بڕیارە ناو زڕاوەکەی 137ی خۆی سووک و باریک لە دەستووردا بەسەرا تێپەڕاندین. کە ئەمە ئاوا بەسەر سیاسەتمەدارانی ئەم هەرێمەی ئێمەشدا ڕابوورد و ئەمانیش بێ باکانە وەریانگرت، ئەم مەسەلەیە بۆ من ئیستیفهامێکی گەورە دەخاتە سەر جیددی بوونی نیەتی یەکسانییخوازانەی ئەم سیاسەتمەدارانە و پێم وایە گەر نەکەوینە خۆمان دەستووری ئەم هەرێمەش بەرەو ئەوە ئەچێت تەرجومەیەکی کوردییانەی ئەو دەستوورەی بەغداد بێت. ئاخر خوا هەڵناگرێت زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئێمەش چاک کۆنەپەرستن و تەنها بۆ ئەندامگیریی بۆ حیزبەکانیان ژن و مەسەلەی چەوساوەیی ژنانیان بیر ئەکەوێتەوە و جار جار شیعارێکی سەرزارەکیی بۆ ئەڵێنەوە.

***شەقام:*** لەسەر ڕێکخراوەکانی (ژنان، ئافرەتان، خوشکان و.. ) چی پێویستە بکرێ، بۆ ئەوەی ڕۆڵ و هێزی ژن لە دەستوورەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت ..؟

وەڵام: ڕاستت ئەوێت لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، کە ئایا ڕێکخراوە ژنانییە (حیزبییەکان) چی بکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵ و هێزی ژن لە دەستوورەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، حەزێکم تیایە بڵێم باشترین خزمەت و چاکەیەک ئەوان لەم بوارەدا بیکەن ئەوەیە ئاشبەتاڵی لێ بکەن و ڕێکخراوەکانیان حەل بکەن و دەستی حیزب لەیەخەی ژنان و پرسی ژنان بکەنەوە. من ئەزانم لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا تاک و تەرا ژن هەن کە بە فیعلیی مەبەستیان کارکردنە بۆ دۆزی ئافرەتان، بەڵام بە کارێک کە ئەو ڕێکخراوانە بەم دۆزەی ئەکەن، پێم وایە کارێکی زۆر شەریفانەترە ئەو کەسانەش "بەزیای کەن" و لەو ڕێکخراوانە دەرچنە دەرەوە.

لە پرسیارەکەدا ناوی "خوشکان" هاتووە. بەمەش دیارە مەبەست لە ڕێکخراوە ژنانییە ئیسلامییەکان، یان بە دیاریکراویی مەبەست لە "یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان"ە. گەر وایە، ئەوا سەرباری ئەو ڕایە سەلبییەی سەرەوەم سەبارەت ڕێکخراوە ژنانییەکانی سەربە حیزبە عەلمانییەکان، پێم وایە غەدرێکە لەو ڕێکخراوانە ئاوا ناویان لەگەڵ ناوی ڕێکخراوە ژنانییە ئیسلامییەکاندا بێنین و بپرسین ئەمانە هەموو چی بکەن باشە بۆ مەسەلەی ژنان، چونکە بە حەقیقەت ڕێکخراوە ژنانییەکانی حیزبە ئیسلامییەکان لەسەنگەری دژدان و باشە و ماشەیان بۆ مەسەلەی ژنان پێ نییە. ئاخر ئەوان هەر حیکمەتی دروستبوونیان بۆ خراپەکردن بەرامبەر بە دۆزی ژنانە نەک کردنی کاری"باش" بۆی. خۆ ڕاستە ئەندامەکانی ئەوانیش خۆیان ژنن، بەڵام حاڵەتی ئەمان وەک حاڵەتی ژنانی ناو ڕێکخراوە ژنانییەکانی حیزبە عەلمانییەکانیش نییە کە بۆ حیزبایەتیی کردن ڕێکخراویان دامەزراندووە نەک بۆ دۆزی ژن، بەڵکو ئەمان کۆمەڵێک ژنن حەپۆل حەپۆل هاتوون خەبات بۆ ئەوە ئەکەن کە ژنان و پیاوان دەبێت بەو شێوەیە یەکسان بن کە لە ئیسلامدا هاتووە! بە مانایەکی تر، سیاسەت و گوتاری یەکسانییخوازانەی ئەو "خوشک"ە عەزیزانە قسەیەکی عەنتیکەی لەم بابەتەیە: "پیاوان یەکسانترن لە ژنان"!!

***شەقام:*** ئەگەر هەر پێشنیارێکت بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان هەبێت..؟

وەڵام: بەڕای من گەر توانیمان لە دەستووردا دین و دەوڵەت لەیەک جیا بکەینەوە ئەو کاتە ئەکرێت باس لە دەستکەوت و پێشڕەویی بکەین.

من ئەگەرچی هەردەم قەناعەتم وابووە کە کەمتەرخەمییەکی کوشندە و هەڵەیەکی گەورەی سیاسەتمەدارانی کورد لەم چواردەساڵەی دووابیدا دەستنەبردنیان بووە بۆ دانانی دەستوورێکی تایبەت بەم هەرێمە، بەڵام ئێستاش ئەگەر لە دەستووری چاوەڕوانکراوی کوردستاندا دین و دەوڵەت بەیەکترەوە گری بدرێن، ئەوا بەڕای من نەبوونی ئەو دەستوورە و درێژەدان بەو سەرگەردانییە سیاسییە و ئەو بێ دەستوورییەی ئەم چواردە ساڵەی دوایی زۆر شەریفانەتر، زۆر قازانجدارترە بۆ کورد.

بۆیە پێشنیار، داوا، تکا و ڕیجای من بۆ سیاسەتمەداران و داڕێژەرانی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەم خاڵە بە قەبارەی ئەهەمییەتی خۆی و بەحەساسییەت و هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکەوە وەرگرن و دەرک بە خەتەری تێکەڵکردنی دین و دەوڵەت بکەن لەسەر چارەنووسی ئێمەی خەڵکی ئەم هەرێمە. ئەگەرنا، ئەوا ئەبێ خۆمان ئامادەبکەین بۆ هەرەسێکی گەورە و کۆست کەوتنێکی تری گەورە لە دواڕۆژی نزیک یان دووری ئێمەدا وەک نەتەوەیەک. ئەمە قسەیەکە و بۆ میژوو ئەیکەم و تەمەننا ئەکەم بە هەڵەدا چووبم.

rozahusein@yahoo.com
ستۆکهۆڵم
13.09.05